## نارەزایەتی یە کریکاری یەکانی ئوستراليا و خولانەوە لە بازنەیەکی داخراودا....**




(موزەفەر عەبدوڵا)
mozafar_as@yahoo.com

**پانۆرامای رووداوەکان :**

خۆپیشاندانە نارەزایەتی یەکەی 30 نۆڤەمبەر کە لە شارو شارۆچکەکانی ئوستراليا سازدرا، لە شارە گەورەکانی وەک سدنی ، مەلبۆرن، برزبن، ئەدلاید،هۆبارت وداروین وکانبرا،بیرس،ولۆنگۆنک و نیو کاسل و دەیان شاری تر کە زیاتر لە نیو ملیۆن کەس بەشداری تیدا کرد، ئالقەی ناوەراستی ئەو زنجیرە جولانەوە نارەزایەتی یە کریکاری یە یە کە زیاتر لە سالیکە لە لایەن یەکیتی یە کریکاری یەکانەوە بەری خراوە، لەوانە نارەزایەتی 15-11-2005 و 1-8-2006 کە هەر یەک لەو نارەزایەتیانەش زیاتر لە نیو ملیۆن کەس بەشداری تیادا کردووە. بریاریش وایە ئەم کەمپەینی نارەزایەتی یە بەردەوام بیت تا ئەو جیگەیەی حکومەت پاشەکشە پی دەکەن لەم یاسایانەو یاساکانی پشو دوبارە دەگەریتەوە.هەرچەندە لە دروشمەکانی ئەم نارەزایەتی و قسەی رابەرانی یەکیتی یە کریکاری یەکان و حزبی کریکاران لەوانەخودی کیم بیزلی لیدەری حزبی لەیبەر دیار بوو کە حزبی لیبرال تا ئەو جیگەیەی لە دەسەلاتدا بیت بەم یاسا نوی یانە کرا دەکات .بۆیە گرەوی کۆتایی هینان بەم یاسایانە لەوەدا دەبینن کە لە هەلبژاردنی ئایندەی حکومەتی فیدرالی دا کۆتایی بە دەسەلاتی لیبرال بهینری و لەیبەر دەسەلات بگریتەوە.

ناوەرۆکی ئەو یاسایانەش کە لە مانگی تەموزی رابردووە کاری پی دەکری ،کە بە یاسای پەیوەندی یە پیشەسازی یەکان ناسراوە، ئەوەیە، ئەو کۆمیسیۆنەی کە لە چوارچیوەی وەزارەتی پەیوەندی یە پیشەسازی یەکان پیشتر هەبوو، کە نوینەری یەکیتی یە کریکاری یەکان و ریکخراوەو دامەزراوە سەرمایەداریەکانی لە خۆ گرتوبوو بۆ ریکخستنی پەیوەندی نیوان کارو سەرمایە هەلوەشایەوەو بەم شیوەیە نوینەری یەکیتی یە کریکاری یەکانیان لەو کۆمیسیۆنە دەرکرد کە پەیوەندی کار و سەرمایە یانی کریکار و سەرمایەدارانی ریک دەخست .لەو کۆمیسیۆنەدا نوینەری یەکیتی یە کریکاری یەکان و خاوەن کارگەو کۆمپەنی یە یەکان گفتوگۆیان دەکرد لەسەر هەموو مەسەلەکان. ئیتر هەر لە مەسەلەی دەستهەق و کریوە بگرە تاکو دەیان کیشەو گرفتی تر وەک : مەسەلەی جۆرەکانی بیمەی لەسەر کار دەرکردن ، بریندار بون لەسەر کار، پەککەوتەیی ، خانەنشینی، ئاسایشی کار و،کریی رۆژانی پشو، مۆلەتی سالانە، نەخۆشی ، کریی زیادە بۆ کاری ئۆڤەرتایم ، گرێبەستی کاری بە کۆمەل و تاک، مافی ئەندامەتی لە سەندیکا،و ریکخستنی شیوەکانی نارەزایەتی و..هتد .ئیستا لە چوار چیوەی ئەو یاسا نوی یەدا وەزارەت خۆی بە پیی بەرژەوەندی سەرمایەداران پەیوەندی یەکان ریک دەخات .دیارە سەختی ئەم یاساو بریارانەش یەکەمین گورز ئەوەبوە کە خاوەن کار بە پیی ئارەزوو و پیویستی خۆی دەتوانی کریکار بە بی هیچ بیمەیەک لەسەر کار دەربکات .وە یەکەمین قوربانی ئەم یاسا دژی کریکاری یانە بریتی بوو لە دەرکردنی زیاتر 100 کریکار کە لە مانگی ئابی رابردوو بەهۆی ئەوەی بەشدار بوون لە نارەزایەتی یەکان و نەچوبونە سەرکار .پاش دەرکردنیش بە بی بیمە ،دادگا بریاری 28 هەزار دۆلار غەرامەی سەپاند بەسەر هەر کریکاریک لەو کریکارانە. بی گومان بەشی زۆری ئەو کریکارانەش ئەندامی یەکیتی یە کریکاری یەکان و تەنانەت هەندیکیان نوینەری یەکیتی یە کریکاریەکان بون لە شوینی کار. یەکیک لەوانە باری هەمسۆرس کە شوفیری کرین بوو دوای 45 سال کارکردن لە بەندەری بۆتەنی بای بەبی هیچ بیمەیەک لەسەر کار دەرکرا.

بەم شیوەیە ئیستا ناوەرۆکی ئەم کەمپینەی یەکیتی یە کریکاری یەکانی ئوستراليا(ACTU کۆنفیدرالسیۆنی یەکیتی یە کریکاری یەکانی ئوستراليا ) لە دەورەی ئەوە دەسوریتەوە کە لە هەلبژاردنی کۆتایی سالی 2007 دەنگ بە حزبی لیبرالی راسترەو نەدریت

تا كۆتایی به دەسەڵاتی بهینریت.جی ی ئاماژەیە كە لیبرال لە ساڵی 1996 یانی 10 ساڵە لە دەسەڵاتدایەو پیشتر حزبی لەیبەر 13 ساڵ بوو لە دەسەڵاتدابوو.

**ئیستا پرسیار ئەوەیە ئاخۆ حزبی لەیبەر سەركەوتن بەدەست دینیٚ لە هەڵبژاردنی فیدراڵی كۆتایی 2007 ؟!وە ئاخۆ دووبارە یاساكانی پیشو، كە بریك بە قازانجی كریكاران بوو، كاری پی دەكاتەوە؟؟!**

بۆ گەران بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا پیویستە بریك لەسەر بارودۆخی ئەمرۆی یەكیتی یە كریكاری یەكان و خودی حزبی لیبەر(كریكار)و پەیوەندی نیوانیان قسە بكەین .

**پیگەی یەكیتی یە كریكاری یەكان لەناو كریكاراندا:**

كۆنفدراسیۆنی یەكیتی كریكارانی ئوسترالیا ACTU كە سەدان یەكیتی كریكاری لە ئاستی ئوسترالیا لەخۆ گرتوەو بە ملیۆنان ئەندامی هەیە ، لە نیو ئەم كۆنفدراسیۆنە چەند یەكیتی كریكاری هەیە لەوانە :ماریتایم ، سی ئیف ئیم ئی یون مانیفاكتۆرە و ئەی دەبلیو یو یو بە پیشەنگی ئەم كۆنفیدراسیۆنە دادەنرین.بە تایبەتی ماری تایم( بەندەرەكان) نەك هەر لە ئاستی ئوسترالیا بەڵكولە ئاستی جهان دەورونەخشی كاریگەری هەیە لەسەر بزوتنەوەی كریكاری.تەنانەت رۆلی ئەم یەكیتی یە لە نەخشاندنی بزوتنەوەی 8 سەعات كار لە رۆژدا و بزوتنەوە ئایاری یەكان لە ساڵی 1850 وە بەرچاو بووە.هەروەك ئاشكرایە كە ماریتایم یەكەم یەكیتی كریكاری بووە كە پش كریكارانی شیگاگۆ داوای رۆژیك پشوی رەسمیان كردوە بۆ كریكاران .

بەڵام زۆریك لەم یەكیتی یە كریكاریانەو تەنانەت ماریتایمیش وەك هەموو یەكیتی و نەقابە كریكاریی یەكانی تری جهان بە شیوەیەكی گشتی هەمیشە ریفۆرمیزم و سەندكالیزم ئاسۆی هەلسورانی سیاسی و عەمەلیانی نەخشاندوە.دیارە ئەمەش نەریتیكی خود بە خودی ئەم یەكیتی یانەیە.ئەگەرچی لە هەندی دەورانداو لەگەڵ روو لەسەری بزوتنەوەی سۆسیالیست كۆمۆنیستی كریكاری كاریگەری لەسەریان داناوە بەڵام واقع ئەوەیە لە دوای ئاڵوگۆرە جهانیەكانی كۆتایی هەشتاكان ئەم یەكیتی یانەش لە هەمو ئاستیكدا پاشەكشەیان پی كراوە و كردوە.ئەمرۆ نەك هەر رەوتی سۆسیالستی زاڵ نین بەسەر ئەم یەكیتی و نەقابەنەدا بەڵكو بە شیوەیەكی گشتی لە ژیر ئۆتۆریتەو سیاسەتی حزبە سۆسیال دیموكرات و دیموكراتە بۆرژوای یەكاندان.خودیACTU و شورای كریكاران، كە دەستەی بەریوە بەری هەموو ئەم یەكیتی یانەیە لەناوACTU ، نەك هەر سیاسەتی بۆرژوایی حزبی لیبەر زاڵە بەسەریاندا بەڵكو زۆربەی رابەرانیان كادرانی پیشەوەی حزبی لەیبەرن.هەر بۆیە ئەوە چەند ساڵە راستەخۆ ACTUلە كاتی پروپاگەندەی هەڵبژرادنی حكومەتی فیدرالی بانگەوازی خەڵك دەكەن تا دەنگ بە حزبی لیبەر بدەن.ئەم بانگەوازە ئەمرۆ زیاتر لە هەر كاتیكی تر ئاشكراترە لەم كەمپەینەی دژی ئەم یاسا نوی یانەی كە لە لایەن حكومەتی لیبرالی هاوەردەوە سەپینراوە.ئەم زاڵی یەی سیاسەتی لەیبەر بەسەر یەكیتی یە كریكاریەكان لە ئوسترالیا زیاتر لە كۆتایی هەفتاكانەوە دەستی پی كردوە كە پیشتر لە ژیر سیاسەت و ئۆتۆریتەی حزبی كۆمۆنیستی ئوسترالیای لایەنگری سۆڤیەت بوون .

تا ئەو جیگەیەی دەگەریتەو بە حزبی لەیبەریشەوە كە كۆنترین حزبی سیاسی یە لە ئوسترالیاو لە ساڵی 1891وە دامەزراوە یەكیكە لەو حزبە بەناو كریكاریو بە عەمەل دژی كریكاریانەی كە لینین ئاماژەی پی داوە، كە چۆن ئەم باڵەی بۆرژوای بەناوی كریكارەوە توانیویتی جڵەوی بزوتنەوەی رادیكالی كریكاری بگریت بۆ ئامانجە سیاسیەكانی خۆی .هەڵبەت ئەمە تەنها لە ئوسترالیادا نی یە ،بەڵكو لە زۆربەی وولآتانی جهانی، بۆرژوازی بەهەردوو باڵی لیبرال و سۆسیال دیموكراتی یەوە لە هەوڵی كۆنترۆلی كردنی بزوتنەوەی كریكاری دان .باڵی لیبرلیزم هەمیشە بە دروشمە بریقەدارەكانی لە چەشنی ئازادی فەردی و مافە فەردی یەكان، و باڵی سۆسیال دیموكراتیش چ بە شیوەی حزبە كریكاری یەكان یاخود راستەخۆ بەناوی حزبە سۆسیال دیموكراتەكان بە دروشمە بریقەدارەكانیان لە چەشنی دەوڵەتی ریفاهو ریفۆرمەوە كریكاران لە خشتە دەبن و دژایەتی سەرسەختی رەوتی سۆسیالیستی و كۆمۆنیستی بزوتنەوەی كریكاری دەكەن.

بەڵام ئاڵوگۆرەكانی ئەم دوو دەیەی دوایی و كۆتایی هاتنی جەنگی ساردو سەركەوتنی لیبرالیزمی نوی و شكستی سۆسیال دیموكرات و دەوڵەتی ریفاهی ئیتر جی گۆركیی بەسەر خودی ئەم باڵانەشدا هیناوە.هەر بۆیە ئیتر نە لیبرالیزم نوینەری مافە فەرد ی و ئازادی یە فەردی یەكانە و نە سۆسیال دیموكراتیش دەتوانی دەوڵەتی ریفاە بەدی بینیتەوە.ئەمرۆ لە راستی دا هەردوو ئەم باڵەی بۆرژوازی خودی خۆیان قەیرانیكی قوڵی سیاسی هەمەلایەنە بەر بینی پیان گرتوە تا ئەو رادەیەی ستراتیژ و تاكتیكی هەردوو ئەم باڵە تیكەڵ بە یەكتر بوونە.بۆ نمونە ئەوەتا حزبی لەیبەر لە بەریتانیا نوینەرایەتی نیو لیبرالیزم دەكات . بەڵام حزبی لەیبەر لە ئوسترالیا تا ئیستا خەو بە رابردووە دەبینی و بە هەنگلەشەلە دوای رەوتی رووداوەكان دەكەویت .

هەر بۆیە، لەم روانگەیەوە ئەوەی ئەمرۆ حزبە لیبرال و نیو لیبرالەکان دەیکەن هەر لە حزبی جمهوری جۆرج بۆشەوە تا لیبرالی بەریتانیا و لیبرالی ئوسترالیا لە ئاڵوگۆر و هیرش بۆ سەر سەرەتایی ترین مافەکانی خەڵک لە هەموو ئاستەکاندا ئەوە بی گومان حزبە دیموکرات و سۆسیال دیموکرات و کریکاری یەکانیش دەیکەن بەلاّم بە شیوەیەکی شینەیی تر.بۆ نمونە نەحزبی دیموکراتی ئەمریکا و نە حزبی لەیبەری ئوسترالیا دژی شەری ئەمریکا لە عیراق نەبوونە.بەلاّم ئەمانە دەیانەوی بە شیوەیەکی دبلۆماسی یو شینەیی ئەم هیرش و ئاڵوگۆرانە بکریت.

هەر لەم پیو دانگەیەشەوەیە کە یەکیتی یە کریکاری یەکانی ئوسترالیا خەریکی پروپاگەندەن بۆ حزبی لەیبەرو لە هەول دان تا بیگەینن بە دەسەلاّت تا ئەم یاسایانەی حکومەتی راستی هاوەرد هەڵوەشیننەوە. بەلاّم ئەوە خۆش خەیاڵی یەو خولانەوەیە لە بازنەیەکی داخراودا.بە تایبەتی حزبی لیبەر هیچ کات ئەوەندەی ئەمرۆ توشی قەیرانی فکر ی و سیاسی هەمە لایەنە نەبوە.تەنانەت گۆرینی چوار لیدەر لە ماوەی 3 ساڵدا ئاکامی ئەوە قەیرانە قوڵەیە.ئەم حزبە لە 3 ساڵی رابردوودا لیدەریان لە کیم بیزلی یەوە گۆرا بۆ سیمۆن کرین و پاشان بۆ مارک لەیسم و پاشان دووبارە کیم بیزلی و لەم رۆژانەش بۆ کیڤین راک .بۆیە هەم سەرکەوتنی لە هەڵبژرادنی ئایندە زۆر ئەستەمەو هەم ئەگەر سەریش کەوی ئەوە هەرگیز ئەو یاساو بریارانە جارکی تر دەستکاری ناکاتەوە مادام بە قازانجی سەرمایە بیت و جگیر بو بیت و کاری پی بکریت .

لەبەر ئەوە مەرجی هەڵوەشانەوەی ئەو یاسا دژی کریکاریانەو بەر گرتن بە هەر هیرشیکی تری باڵەکانی بۆرژوازی بۆ سەر خەڵکی ئوسترالیا بە گشتی و کریکاران بە تایبەتی نە لە سەرکەوتنی حزبی لەیبەردایە لە هەڵبژاردنی کۆتایی سالی 2007 ،بەڵکو لەوەدایە کە کریکاران و یەکیتی یە کریکاری یەکان خۆیان رزگار بکەن لە ئاسۆی سیاسی و فکری حزبی لەیبەر.هەڵبەت ئەمەش لە دەستەبەر بوونی بەهیز بوونی رەوتی رادیکاڵ و سۆسیالیستی ناو بزوتنەوەی چینی کریکاردایە .

**سەرەتایی دیسەمبەری 2006**

*مەبەست لەم نوسینە زیاتر بۆ ئاشنا بوونی کریکارانی کۆمیونتی کوردزمانە لەم نارەزایەتی یە کریکاری یانەو ناوەرۆکی ترسناکی ئەو یاسا دژی کریکاری یانە.ئەمە جگە لەوەی زانیاری لەسەر ئەم نارەزایەتی یە کریکاریانە و ئاسۆو ئامانج و گرفتەکانی بۆ رابەرانی نارەزایەتی یەکانی خەلکی کوردستان زۆر سودمەندە.

*لەگە ئەم نوسینەدا وینەو خشتەی ئەو شارو شارۆچکانە هەیە کەرۆژی 30-11 نارەزایەتی تیادا ئەنجام دراوە.